پارێزگاری هەولێر دیاری مەسرور بارزانی پێشکێش بە ئاهەنگێری یانەی هەولێر کرد

پارێزگاری هەولێر دیاری مەسرور بارزانی پێشکێش بە ئاهەنگێری یانەی هەولێر کرد.

ئەمڕۆ سێشەممە (17ـی تشرینی یەکەمی 2023)، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە عەباس عوبید ئاهەنگێری یانەی هەولێر و جێگری سەرۆکی یانەکە کرد.

لە دیدارەکەدا بۆپێی نووسینگەی ئاگەیاندنی پارێزگاری هەولێر، بەناوی مەسرور بارزانی و پارێزگای هەولێر دەستخۆشی لە ئاهەنگێری یانەی هەولێر و دەستەی کارگێڕی یانەکە کرد کە بە هەوڵ و ماندوبوونی ئێوان و یاریزانان توانراوە لە ماوەی ئابردوو دەستکەوت و ئەنجامی باش بە یانەی هەولێر بەدەستبهێنن، پاشان پارێزگاری هەولێر دیاری مەسرور بارزانی پێشکێش کرد و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی لەگەڵ یانەی هەولێر و بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئەنجامی باشتری بە یانەی هەولێر بە خواست.